ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

# مارکسیزم، ماتریالیزم و هونەر




ڕۆپەرت ئۆشیا

وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد

# ماركسیزم، ماتریالیزم و هونەر

# ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ناوی کتێب:** مارکسیزم، ماتریالیزم و هونەر

**نوسەر:** ڕۆپەرت ئۆشیا

**وەرگێڕانی:** پێشڕەو محەمەد

**تابلۆی بەرگ:** تابلۆی "دوو ژن"ی هونەرمەندی مەکسیکیی (دیگۆ ڕیڤێرا)

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەری سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٧

بەگشـتیی مارکسـیزم خـۆی وەک سۆسـیالیزمی زانسـتیی پێناسـە دەکات. ئەم پێناسـەیە، مارکسیزم دەگۆڕێت بە زانستێکی پراگماتیکی بە ئامـانجێکی سیاسـیی تـایبەتەوە. بـۆ نمـوونە، ئەو کـاتەی ئەنگڵـس لەسـەر گـۆڕی مـارکس وتـار دەخـوێنێتەوە، دەڵێت مـارکس زیـاتر لە هەرشـتێک، شۆڕشـگێڕێکە. بەڵام پرەنسـیپێکی بنچینەیـی ڕوانینـی مـارکس ئەوە بـوو کە شـۆڕش تەنهـا لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتن لە پرۆسـە چالاکەکـانی نـاو کۆمەڵگـا لەنێـو گشـتێتیی خۆیـدا دەتوانێـت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

لەڕاستیدا دونیای کۆمەڵایەتیی ئینسان، تەنها بەشێکە لە واقیعێکی ماددی و ماتریالیی قوڵتر، تۆڕێکی دیاردە بەیەکەوە بەستراوەکان. بەم هۆیەوەیە مارکسیزم، وەک زانستی شۆڕش، ناکرێت وەک فۆرمێکی پاک و تەمیز و دەقیقی زانست بەشێوەیەکی گشتیی لەیەک جیابکرێتەوە. کەواتە ڕەهەندێکی ئەم ئاراستە مێژووییە ئەوەیە دەبێت مارکسیزم بەشێوەیەکی زانستیی و پراکتیکیی گرنگی بەهونەر بدات، واتا گرنگی بە دیاردەیەک کە هەندێکجار وادەردەکەوێت زۆر دوورە لە سیاسەتەوە.

## فەلسەفەی ماتریالیستیی و فەلسەفەی ئایدیالیستیی هونەر

بەگشتیی زانست و هونەر وەک دوو کاتیگۆریی ئینسانیی تەواو لەیەک دابڕاو و دژ بەیەک لەقەڵەم دەدرێن. بێگومان زانست، هونەر نییە. بەڵام زانست هەربەمجۆرە نە سێکسە، نە عەشق و نە گەمە و کاتبەسەربردن. ئەوەی لەنێوان هەموو ئەو دیاردانە و هونەردا هاوبەشە، ئەوەیە هەموویان بابەتگەلی ئەزموونی ئاگامەندانەی مرۆڤن. بەڵام شیکاریی زانستیی، دەتوانێت لەسەر هەریەکێک لەمانە فەکوس بکات و خۆی چڕبکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەوانە دابەزێنێتە سەر ئاستی کۆمەڵێک یاساگەلی زانستیی. هەرجۆرە موتاڵەعەیەکی زانستیی هونر ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە هونەر دەتوانێت دینامیزمی خۆی هەبێت، بەڵام بەڕاشکاوی، ڕیشەی لە سیاقێکی

مێژوویی بەرفراوانتردا هەیە و تەنانەت پاکترین و ئەبستراکترین هونەریش کاریگەریی لەسەر جیهانی دەوروبەری خۆی دادەنێت. وێڕای ئەمە، هێشتا ئەو ئەفسانەیە بوونی هەیە کە هونەر، مۆدێلێکی خۆدەربڕینە کە تەنها ڕۆحی هونەرمەند و مێژووی پێشووی خودی هونەر پیشان دەداتەوە. ئەم ئەفسانەیە، ڕەهەندێکی فەلسەفەی ئایدیالیستیی هونەرە< واتا ئەم لێکدانەوەیەی پێیوایە ئایدیاکانی تاکەکان، مێژوو دیاریدەکەن، و ئایدیاکان تەنها لەژێرکاریگەریی گەشەکردنی پێشووی خودی ئایدیاکاندان. لەم نیگایەدا بۆ مێژوو، لەوانەیە هونەرمەندێکی گەورە بتوانێت کاریگەریی لەسەر مێژوو بەجێبهێڵێت، بەڵام کاریگەریی ئەو لەو بلیمەتییەوە هاتووە کە تەنها ڕیشەی لەنێو ڕۆحی خودی هونەرمەنددا هەیە. ئەم ڕوو وەرچەرخاندنە لە تێگەیشتنی بنچینەیی هونەر لە سیاقە ماتریالیی و مادییەکەیدا، ئەوە شیدەکاتەوە کە چما بۆ فەلسەفەی ئایدیالیستیی تەنانەت پێناسەی جەوهەری هونەریش سەخت و قورسە. پێناسەگەلی لەم چەشنە، بەبێ سیاق و کۆنتێکستێکی فراوانتر، بەڕادەیەکی زۆر، ئەبستراکتن.

ماتریالیزمی دیالەکتیکیی باسی ئەوە دەکات تێگەیشتن لە جیهان، ناتوانێت لە پێناسە جێگیر و نەگۆڕەکانی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە سەرچاوە بگرێت. ئێمە دەبێت چەمکەکان وەک ئامرازێک بۆ هەڵسەنگاندنی جیهان بەکاربهێنین. بەڵام دەبێت ئەم چەمکانە لانیکەم لەسەرەتای کارەکەوە وەک چەمکگەلێکی کاتیی و تێپەڕ سەیربکرێن

که پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و پالاوتن لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە ماتریالییەکاندا هەیە. چەمکە باشترەکان، دەگۆڕێن بۆ پرسیارە باشترەکان کە دەتوانن بۆ کەشفکردنی جیهانی ڕاستەقینە بەکاربهێنرێن. ئەگەر بمانەوێت لە چەمکێکی ئالۆزی وەک هونەر تێبگەین، پێویستمان بەم کاریگەرییە بەرانبەرەی پێکهێنەری نێوان ئایدیاکان و جیهانی ماتریالیی هەیە کە ئایدیاکان بەشێکن لێی.

کەواتە ڕێگەم بدەن سوود لە پێناسەیەکی سادە و کاتیی بۆ هونەری سەرەتا و پاشان بۆ هەڵسەنگاندنی جیهانی ماتریالیی وەربگرم. ئامانجی ئێمە گەیشتن نییە بە پێناسەیەکی سەرتاسەریی باشتر، بەڵکو تێگەیشتنە لە چۆنایەتیی گەشەکردن و پەرەسەندنی هونەر لە جیهانێکی گۆڕاودا. ئەم میتۆدە مێژووییە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنە بۆرژوازییە باوەکان بۆ هونەر ڕێژەیی بکاتەوە. بۆیە دەمانەوێت لێرەوە دەرەنجامگەلی سیاسییش وەربگرین.

## جوانیی و دروستکردنی پەیوەندیی

هونەر بە مانای دەقیقی وشەکە، چەمکێکی مۆدێرنە. ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنەی دەڵێت هونەر هەوڵێکە تەنها لەپێناوی خودی هونەردا، تێگەیشتنێکە تەنها لە سەردەمی بۆرژوازییدا گەشەی کردووە. وێڕای ئەمە، مرۆڤی ئەمڕۆ دەتوانن هونەر یان لەوانەیە بەشێوەیەکی دەقیقتر هونەرمەند (توانای هونەریی) لەنێو زۆرێک لە دەستکردە

کولتوورییەکـــانی کۆنـــدا دەستنیشـــان بـــکەن. کەواتە لە مانـــایەکی فراوانتــردا ڕوون و ئاشــکرایە هــونەر، ڕەهەنــدێکی هاوبەشــی هەیە لەنێـوان کولتوورەکـان و بـۆیە یونیڤێرسـال و گەردوونیـیە. وێـڕای ئەمانە، بەرهەمهێنانی هونەریی ئامانجگەلی زۆری لە مێژوودا هەبووە و ئەم قسـەیە بـۆ ئەمـڕۆش هەر ڕاسـتە. بـۆ نمـوونە، پاڵنەرێـک بـۆ هونەر، دەتوانێت وەک هەستکردن بە ترس لێکبدرێتەوە. دەکرێت ئەم پـاڵنەرە لەنێو دروسـتکراوە کولتـوورییە جیاوازەکانـدا ببینـرێتەوە. بـۆ



نمــوونە ***ماســکی ڕێوڕەسمی نەریتـی خەڵکی "دۆگۆن" لە وڵاتــی "مــالی" و هەروەهـــــــا بەرهەمێکـــــــــی "فرانسیسکۆ گۆیا"، تابلۆســــــازی ئیسـپانیی، بەنـاوی "ســـــــاتورەن کــورەکەی خــۆی قـــوت دەدات" (لە نـــزیکەی ســـاڵانی ١٨١٩-١٨٢٣).***

ئەم بەرهەمە ترسناکانە، پشتڕاستکردنەوەی دوو ڕەهەندی سەرەکیی هونەرن بەشێوەیەکی گشتیی. یەکەم، پەیوەندییان بە هەستەکانەوە هەیە (لەبارەی ئەم لایەنە تایەبتەوە، بەشێوەیەکی تەواو ڕوون). دووەم، کاریگەریی ئەوانە لە توانای هونەرمەندەوە بۆ ڕاکێشانی هەستی جوانیناسیی بینەر سەرچاوە دەگرن. بێگومان ناتوانین هەمان گاریگەریی تابلۆکەی گۆیا وەک مامۆستایەک چاوەڕوانیی هێڵ بەهێڵی منداڵانەی ئەم بابەتە بین، مامۆستایەک کە تەنانەت بنەماڵەی پاشایەتیی ئیسپانیاش داوای لەو دەکرد پۆرترێتی زیندووی وەک ***پۆرترێتی "چارلسی چوارەمی ئیسپانیا و بنەماڵەکەی (١٨٠٠ی زایینیی) بکێشێت.***





پاڵنەرە تایبەتەکان بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی، دەتوانن بوارێکی زۆر فـــرەلایەن بگـــرنەوە. بەڵام ئەو پـــاڵنەرەی کە لەڕاســـتیدا دەتـــوانین بەشـــێوەیەکی گشـــتیی بیبەســـتینەوە بە هـــونەرەوە، بـــریتییە لە دروستکردنی پەیوەندیی (کۆمینیکەیشن). دەتوانین بەشێوەیەکی کاتیی هونەر وەک ئامرازی پەیوەندیی پێناسە بکەین کە لانیکەم تا ڕادەیەک بەستراوەتەوە بە کاریگەرییەکەی لە پەیوەندییەکان بە هەستی بینەر و هەستی جوانی – یان ناجوانیی –ەوە. دیارە ئەم گریمانەیەش هەر هەیە کە بەرهەمە هونەرییەکان لەوانەیە ئامانجگەلی دیکەشیان هەبێت کە کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان ناکەن: بۆ نموونە تەلارسازیی شوێنی مانەوە دابین دەکات. هەڵبەتە ئەم پێناسەیە، دوو پرسیاری

دیـکە دەهێنێـتە پێشـەوە. جـوانیی چیـیە؟ و بـۆچی پەیوەنـدیی بە دروسـتکردنی پەیوەنـدییەکانەوە هەیە؟ دەبێـت لەسـەرەتادا وەڵامـی پرسیاری یەکەم بدەینەوە.

ئەگەر وریـا نەبین، دەچینە نێو بـوارێکی داخـراوی پێناسـەکانەوە، کە بەو پێیە جوانیی، ئەو شتەیە بەهۆی هونەرەوە دادەمەزرێت و هـونەر هەوڵێکی ئینسانییە کە جوانی دەخوڵقێنێت. بەڵام پێویست ناکات پێمان لەم داوە بئاڵێـت. تێگەیشـتن لە جـوانیی، کـورت نـابێتەوە بۆسـەر بەرهەمەکـانی کـاری ئنیسـان. خەڵـک دەتـوانن جـوانیی لە دیمەنێکـی سروشتیی یان لە ڕووخسـاری ئنیسـانێکدا ببینن. دەتوانن جوانیی لە خواردنێکـدا چێـژ بـکەن، بـۆنی بـکەن، هەسـتی پـێ بـکەن و ببیـنن وتەنـانەت هەنـدێکجار ببیسـتن. (بـۆ نمـوونە دەنگـی وردبـوونی خواردنێکی وشک).

بەئەندازەیەکی تەواو ئاگاییمان لەسەر پەرەسەندنی بـایۆلۆژیی توانـای ئەزمـوونکردنی جـوانیی لە ئینسـاندا نیـیە. بەڵام دەتـوانین لانـیکەم بۆچـوونی ژیرانەمـان لەو بـوارەوە هەبێـت. جـوانیی، جـۆرە چێـژێکە. ئینسانەکان، وەک هەموو ئاژەڵان، بەجۆرێک پەرەیان سەندووە چێژ لەو شـتە دەبیـنن کە بـۆ مـانەوە و بەرهەمهێنـانەوە پێویسـتییانە. نمـوونەی کلاسـیکیی ئەم قسـەیە، سێکسـە. سـێکس نەک تەنهـا وەک پراکتیکێـک بـۆ لەدایکبـوون چێژبەخشـە، بەڵکـو شـێوازی جۆراوجـۆر پەیوەندیی بە جوانییەوە دەکات. بۆنموونە، بەمجۆرە پیشـان دراوە کە ڕووخسـارێکی جـوان، لەبنەڕەتـدا ڕووخسـارێکی ئاسـایی یـان

مامناوەندە. ئەو ڕووخسارەی لەم نۆرمە دەردەچێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت بەشێوەیەکی تایبەت قابیلی بەراورد نەبێت، یان لەوانەیە نیشانەیەک بێت لەسەر نەخۆشییەک یان نارێکییەکی جەستە بەشێوەیەکی گشتیی و لەم ڕووەوە بۆ بەرهەمهێنانەوە نەگونجاو بێت. هەربەمجۆرە، بۆنموونە، حەزی ئینسان بە لێکۆڵینەوە لە دیمەنە سروشتییەکانیش وەک "بەهایەکی مانەوە" بۆ ئینسان لەقەڵەم بدرێت بەو مانایە کە لەوانەیە ئینسانەکان لەڕێگای دەرفەتەکان و مەترسییە هەبووەکانەوە ئاشکرای بکەن و دەری بخەن.

بۆیە دەکرێت جوانیی بەشێوەیەکی چێژبەخەش ببینرێت کە تەنها لەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆوە پەیوەندیی بە مانەوەوە دەکات. کاتێک ئێمە ستایشی دیمەنێکی سەر سەوز دەکەین، بەزەرووری حەزناکەین هەموو ئەو شتانە بخۆین کە لەو دیمەنەدا دەیبینین، بەمجۆرە بەزەرووری حەزمان لەوە نییە سێکس لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا بکەین کە بەژ و باڵایەکی جوانیان هەیە. تەنانەت دەکرێت دەنگی تاڤگە و دەنگی خشەخشی گەڵای وشکی دار لەنێو بادا بۆ مرۆڤ جوان بێت. بەڵام ئەمە چ بەهایەکی مانەوەی هەیە؟ لەوانەیە هێشتا لەمجۆرە بابەتانەدا بتوانین بڵێین ئێمە تەنها دەمانەوێت شتی بەکەڵک بە جوان دابنێین. بەڵام ئەو شتە بەکەڵکە چییە؟ ڕەنگە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی مۆدێلێک یان نموونەیەک لەم دەنگانەدا بێت، کە ئەمە خۆی لێهاتوویی و توانایەکی سەرەتایی، بەڵام گرنگە. نموونە، یان مۆدێل، بەمانای نەزم و ڕێکیی دێت، نەزم و ڕێسا بەمانای

قابیلییەتی پێشبینیکردن دێت و ئەمەش بەمانای قابیلییەتی مانەوە. دەستنیشانکردنی مۆدێل، کلیلی هەندێک لە قوڵترین کێشەکانە. چارەسەرکردنی کێشەکانیش خۆی مۆدێل و نموونەیەکی دیکەی ئەو شتەیە کە ئینسانەکان بۆ چێژبردن لێی پەرەیان سەندووە، چونکە ئەو شتانە بۆیان ئاشنا و گرنگ بووە.

بۆچی هەستیی جوانیی یان نەبوونی [هەستی جوانیی] ڕۆڵێکی وەها گرنگی لە پەیوەندیی ئینسانەکاندا هەیە؟ باپیرانی ئینسانەکانی ئەمڕۆ، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ببن بە ئینسان، ئاژەڵگەڵی کۆمەڵایەتی بوون. پەیوەندیی نێوان جۆرەکان، بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و بەرهەمهێنان، شتێکی گرنگ و ژیانییە. ئەوە پێویستیی بە سەلماندن نییە کە زمان گرنگترین فۆرمی پەیوەندییە بۆ ئینسانەکان. وێڕای ئەمە، تا پێش ئێستا کە زمان زمان لەنێوان ٢٠٠ بۆ ٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا بەشێوەیەکی تەواو پەرەی سەندبێت، باپیرانمان بۆ ماوەی ملیۆنان ساڵ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا دروست دەکرد. بەتایبەت بۆ خەڵکی ئەمڕۆ ئەوە ئاسانە کە قبوڵی بکەن گوتاری لۆژیکیی، کاراترین فۆرمی پەیوەندییە. ئەگەرچی تەنانەت ئەمڕۆش هەروەک تەکنیکەکانی بانگەشە دەریدەخەن، هەمیشە ئەم قسەیە ڕاست نییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکان و بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی کارایی ئەم گەڕانەوەیە لە بەدیهاتنی ئامانجەکاندا، هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە کە هونەر بەڕادەی خودی مرۆڤ کۆنە.

مادام هونەر ڕێگایەکە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی، ئەوا دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی بەرهەمە هونەرییەکان هەندێکجار بە مەبەستەوە ڕەگەزگەلی بێگومان قێزەون، ڕەق و ڕاست یان کۆن و پاتاڵ هەڵدەبژێرن. لە هەندێک لە کولتووورە تایبەتەکاندا، فۆرمە هونەرییەکان، پەرە بە سیستەمە ماناییەکانی هاوشێوە لەگەڵ زماندا دەدەن. ئەو ڕەگەزانەی بەشێوەیەکی عورفی جوان نین، دەتوانن بەو ڕێککەوتنەی دروستی دەکەن، پەیوەندییە هونەرییەکان بەرەو باشی بەرن. ئەو بەرهەمە هونەرییانەی ئەمجۆرە ڕەگەزە "نەرێنی"یانە هەڵدەبژێرن، هێشتا هەر وەک هونەر حساب دەکرێن و بەتایبەت سیاق و دەقی خۆیان، کاریگەرییان هەیە. ڕێگا بدەن نموونەیەکی ڕادیکاڵ و زیادەڕەوانە بهێنینەوە. بەرهەمی "تەختەخەوی من"ی "ترەیسی ئەمین"ی هونەرمەندی بریتانیی (١٩٩٧)، بریتییە لە سیسەمێکی خەوی ئاڵۆزی ئەو و شتگەلێکی ناڕێکیش لەدەوروبەری کەوتووون. ئەگەر ئێوە بۆ جارێک لە ساڵی ١٩٩٦ سەردانی ژوورەکەیتان دەکرد و ئەم بارودۆخەتان دەبینی، هەرگیز بیرتان لەوە نەدەکردەوە ئەم بەشەی ژوورەکە، بەرهەمێکی هونەری دروست بکات. بەشێکی ئەو شتەی "تەختەخەوی من" دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی هونەری – بەدەر لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی – ئەوەیە کە "ئەمین" وەک هونەرمەندێکی ڕەوتی هونەری باڵادەست، تەختەخەو و شتەکانی دیکەی دەوروبەری، لە سیاقی سەرەکیی خۆیان واتا لە ژوورەکە جیاکردەوە و بانگەشەی بۆ ئەوە کرد ئەمانە بەرهەمێکی هونەری پێکدەهێنن. ساڵی ١٩٩٨ ئەم بەرهەمە لە "تەیت مۆدێرن"،

مۆزەخانەی دیاری هونەرە مۆدێرنەکانی بریتانیا، نمایشکرا و بوو بە کاندیدی "خەڵاتی تێرنەر"، یەکێک لەخەڵاتە هونەرییە گرنگەکانی بریتانیا: بەڕاشکاویی بەشێک لە هونەرمەندە باڵادەستەکان بەو دەرەنجامە گەیشتبوون ئەم بەرهەمە، نەک هەژاریی بەرهەمێکی هونەریی، بەڵکو لەڕاستیدا یەکێکە لە نموونە زۆر باشەکانی بەرهەمی هونەری. ئەم دیدگایە ڕەنگدانەوەی بەهاکان و خەم و کەڵکەڵە کۆلێکسیۆنەرە بۆرژوازییەکان بوو کە لەو ڕۆژگارەدا باڵادەستیيان بەسەر بازاڕی هونەردا هەبوو: بەپێچەوانەوە بۆ بینەری گشتیی بەرفراوانتر، کە بەهایان بۆ هونەر هەیە، ئەم بەرهەمە موناقەشەساز بوو و هێشتاش هەروایە.



وێـڕای ئەوەی چ شـتێک جـوانە، بەڕادەیەک وەک شـتێکی زەینـی و سـوبێکتیڤ سـەیر دەکرێـت. ناشـرینی و قێـزەونییە مەترسـیدارەکانی ئەمـڕۆ، دەتـوانن ببـنە هـونەری بـاڵای بەیـانی. سـاڵی ١٩٥٨، "ئـایرا گیلـتەر"، یەکێـک لە ڕەخنەگرانـی گۆڤـاری جـازی "داون بیـت"، سـۆلۆ تازەکـانی سەکسـیفۆنی "جـۆن کـۆلترەین"ی بە "لاپەڕە دەنگییەکـان" لەقەڵەم دا. ڕەخـنەکەی ئەو نەرێنـی نەبـوو، بەڵام سەرلێشـێوان و سـەرەگێژەیی خۆیشـی پیشـان دەدا: "کاتێـک گـوێ لە سـۆلۆکانی کـۆلترەین دەگـرم، وەک "لاپەڕە دەنگییەکـان"ی وەسـفێکی تەواو نەگونجـاو دەردەکەوێـت، وەک بڵێیـت سـۆلۆکانی ئەو کـۆمەڵەیەکی یەکسـان و وەک یەک پێکـدەهێنێت. لە بەرانـبەردا نـۆتە تونـدە یەک بەدوای یەکەکانی کۆلترەین، بۆ من لە ڕەوتێکی میلۆدییانەی ئاڵۆز و بەردەوام گـۆڕاوی داهێنـان دەردەکەوێـت. ئەمە یەکـێکە لە جـوانترین ئەو مۆسیقایانەی تا ئێستا گوێم لێبووە".

**هونەری سەردەمی بەردین**

لەگەڵ ئەوەی ئینسـانەکان لە ئـاژەڵگەلی تەنهـا مەسـرەفکار و بەکاربەرەوە گۆڕان بۆ ئاژەڵانی کارکەر، بەمەبەستەوە دەستیان بۆ بەرهەمهێنـانی ئەو شـتانە بـرد کە هەم جـوان بـوون و هەم بەکەڵـک. بەڵگەنامە ئارکۆلۆژییەکان لەسەر تابلۆ هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتەکان و بەردە هەڵکۆڵراوەکـان لە گۆڕەکانـدا ئەوە دەردەخـات کە هـونەر بە

ئەنـدازەی خـودی بەرهەمهێنـان کـۆنە. زۆرێـک لە دروسـتکراوەکانی دەسـتی ئینسـان لەسـەردەمی بەردینـدا، تەنـانەت بـۆ خـودی ئەمـڕۆش جوان و قـابیلی بەکارهێنـانن. بەراورد و نزیکیـی نێـو سـەرەنێزەیەکی بەردین، نەک تەنها ئەم شتە جوان ئەکات، بەڵکو وەک چەکێکی کاراتر دەردەکەوێـت. حەز و جـۆش و خـرۆش بـۆ دروسـتکردنی شـتە جوانەکان، لەوانەیە کۆمەکی بەداهێنـانەرانی سـەرەنێزە کردبێت زیـاتر بەشێوەیەکی هەستیارانە دەست بۆ پڕۆژە و پلانە کاراترەکـان ببەن. بەڵام هەڵکۆڵەرانی ئەشـکەوتەکان، ملوانکەکـان و فلـوتگەلی لە چەشـنی ئێسقان، جگە لە جوانیی بەهـایەکی زیاتییـان نییە (لانیکەم لەڕوانگەی خەڵکەوە کە ئەمـڕۆ لە مۆزەخانەکـان و کتێبخانەکانـدا سـەیری ئەمـانە دەکەن). هەر بەم هۆیەوەیە خەڵک بەگشتیی ئەم جۆرە شـتانە، و نەک سـەرەنێزە، وەک هـونەری سـەردەمبی بەردیـن ڕیزبەنـد دەکەن. بەڵام ئایا دەبێت باوەڕ بەوە بکەین کە ئەم شتانە تەنها لەپێناوی دابینکردنی خواستێکی ڕووت و ئەبستراکت بۆ بەدیهێنانی جوانیی، دروستکراون؟ بەڵگەگەلی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا پێشمێژووەکانمان لەبەردەسـتدا نییە، بەڵام لێکـدانەوە و تێگەیشـتنێکی ئـاوا بە بەڵگەگەلێکـی جۆراوجـۆرەوە وەک شتێکی مەحاڵ دەردەکەوێت.




وێــنەیەک دەتوانێـت حیکایەتێـک بگێــڕێتەوە و گــۆڕانییەک، پەیــامێکی پێبێـت. کەواتە ئـێمە نەک تەنهـا بەدوای جـوانییەوە، بەڵکـو هەروەهـا بەدوای دۆزینـەوەی مانـاین لە هـونەری سـەردەمی بەردینـدا. وێـڕای ئەمــانە، هەنـدێک لەم شـتانە، بـۆ دروسـتبوون گەلێـک هەوڵـی تیـادا بەکارهێنراوە. بۆ کۆمەڵێک بەردی هەڵکۆڵراوی تاشـراو کە لە گۆڕی منداڵێکــدا دۆزرانەوە، بەگــوێرەی هەڵســەنگاندن و خەمڵانــدنەکان هەزاران سەعات بۆ دروستکردنی بەکارهێنراوە.

هەندێک لە باڵندەکان بۆ کێشکردنی ڕەگەزی بەرانبەر، وزەی زۆری خۆیان بۆ گەشەپێدانی هەندێک ئەندامی بەڕواڵەت بێ کەڵکی جەستە، وەک کلکـی تـاوس خەرج دەکەن، یـان تەنـانەت گەلێـک شـتگەلی بـێ ئیسـتیفادە کۆدەکنەوە، وەک هەنـدێک باڵندە کە هەمـوو شـتێکی شـین

ڕەنگ لەدەوروی لانەکەی خۆیدا کۆدەکاتەوە. لە تیۆریی پەرەسەندندا بەم ڕەفتارە دەگوترێت "هەڵبژاردنی سێکسوالیی". بەڵام ئەمجۆرە ڕەفتارە کەمتر لە ئاژەڵە شیردەرەکاندا دەبینرێت. ئەنترۆپۆلۆژەکان، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو خەڵکانە کردووە کە خاوەن تەکنەلۆژیای سەردەمی بەردین بوون. ڕاکێشانی زەوج، تەنها یەکێک بووە لە پاڵنەرە فراوان و زۆرەکانی بەرهەمهێنانی هونەری لەنێوان ئەم جۆرە خەڵکانەدا. کەواتە هێندە گریمانەی ئەوە ناکرێت هونەر لە میانەی هەڵبژاردنی سێکسوالییەوە پەرەی سەندبێت.

بەپێچەوانەوە، هونەر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەمیشە پەیوەندیی بە ئاییزنای ئایینییەوە بۆ گەرەنتیکردنی بەختەوەریی هونەرمەند و خێڵەکەی ئەوەوە هەبووە بە فۆرمە جۆراوجۆرەکانییەوە. لێکچوون و نزیکییەکان لە هونەری پێشمێژوو، بەهێزێکی زۆرەوە پاڵنەرێکی هاوشێوە لەو ڕۆژگارەدا دەردەخات. بۆنموونە دەگوترێت هونەری ئەشکەوت نیگاری (هەڵکۆڵینی نیگار لەئەشکەوت) وەک جۆرە جادوویەک ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی ڕێگا بە هونەرمەندان بدات باشتر بتوانن ئەو ئاژەڵانە ڕاوبکەن کە وێنەیان کێشاون. بەڵام زۆرێک لەو ئاژەڵانەی وێنەیان کێشرابوو، دڕندە بوون و نەک خواردن. کەواتە لەوانەیە شیکردنەوەیەکی باشتر لە تەوتەمە بەناوبانگەکانی خەڵکی لۆکاڵیی و ناوچەیی ئەمریکا لە باکووری خۆرئاوای ئۆقیانووسی ئارامدا بدۆزرێتەوە. ئامانجی ئەم خەڵکانە، بەدەستهێنانی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاژەڵانە بووە کە وێنەیان کێشاون: بەهێزیی

ورچ، درندەیی شێر، تیژبینیی هەڵۆ. هەروەها تەوتەمەکان بە دروستکردنی ڕەمزەکان بۆ شووناسی هاوبەشی خێڵەکان و هتد، کۆمەکیان بە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی دەکرد. لەڕاستیدا هیچ هونەرێکی سەرەتایی لەپێناوی خۆیدا و بۆ خودی خۆی بەرهەمنەهێنراوە. تەنانەت ئینسانە سەرەتاییەکان زاراوەیەکیان بۆ هونەر نەبوو. ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین بەرهەمهێنانی هونەری، بەشێوەیەکی دانەبڕاو لە کولتوور بەگشتیی، پەیوەندیی بە جۆری ڕێکخستنی خەڵک و ئەنجامدانی کارەکان بۆ مانەوە و لەدایکبوونەوە هەیە. تێگەیشتنی باوی بۆرژوازیی بۆ هونەر وەک شتێکی جیا و بەدەر لە واقیع، ئەو شتەی کە تەنها دەبێت بەزمانی خۆی دەرک بکرێت، بەڕوون و ئاشکرایی لەو کۆمەڵگا سەرەتاییانەدا بێ مانایە.

## هونەر لە کۆمەڵگا چینایەتییە پێش سەرمایەدارییەکاندا

هونەر لە کۆمەڵگا چینایەتییە پێش سەرمایەدارییەکاندا، هەم ئامانجگەلی هاوشێوەی ڕابردووی هەبوو و هەم ئامانجگەلی نوێ. ئەوەی ئابووریی سیاسیی تەواوی ئەم کۆمەڵگا چینایەتییانەی لە ئابوورییە ڕاووشکاریی و ئابوورییە کشتوکاڵیی و شوانییەکانی سەرەتاییەوە لەیەک جیادەکردەوە، بریتی بوو لە بوونی زیادەیەکی ئابووریی کافی بۆ پاراستنی چینی خۆشگوزەرانی مەسرەفکاران و بەکاربەران لەڕێگای ستەم و چەوساندنەوەی چینە

بەرهەمهێنەرەکانەوە. چینە خۆشگوزەرانەکان، هەم دەرفەتی ئەوەیان هەبوو خۆیان دەست بۆ خولقاندنی هونەر ببەن و هەم دەسەڵاتی ناچارکردنی ئەوانیدیکە بۆ بەرهەمهێنانی هونەر بۆ خودی ئەم چینە خۆشگوزەرانە. هەر ئەم شتە توانای بەهونەر بەخشی لە ئاستێکی بەجۆرێک گەورەتر، شکۆمەندتر و ئاڵۆزتر لەو شتەی لەڕابردوودا ئیمکانی هەبوو، بەرهەم بهێنرێت.

هەر بۆنموونە سەیری ئەوروپای فیودالیی سەدەکانی ناوەڕاست بکەن. بەڕادەیەک هەموو تابلۆسازان و مۆسیقارانی پیشەیی، بۆ پاشاکان، لۆردەکان و بەتایبەت بۆ کڵێسا کاریان دەکرد. هونەری ئایینیی بەشێوەیەکی تایبەت نەک بۆ "خۆدەربڕین"ی هونەرمەندان – کە تەنانەت ژمارەیەکیشیان ناسراون – بەڵکو بۆ پەروەردەکردنی جەماوەری نەخوێندەوار بە عەقیدەی ئایینیی و پابەندکردنی بڕواداران بە پەیڕەویکردن بوو لە ئایینزای کڵێسایی. لێرەدا بەردەوامبوونی تەشریفاتی ئایینیی کۆمەڵگا یەکەمینەکان دەبینین. بەڵام هونەر کۆمەکی بە ڕۆڵی کڵێسا وەک بانگەشەکاری سەرەکیی چینی زەویاران لە جیهاندا کرد کە پاشایەتیی و ئاغایەتییەکی تەقدیسکراو بوو.

بەرهەمهێنانی هونەر بۆ بەکاربردن و مەسرەفی بەرچاوی ئەریستۆکراتیەتی فیودالی و دەربباری پاشاکان، وردە وردە لە چێژوەرگرتن لە هونەر "لەپێناوی خودی هونەردا" نزیک دەبێتەوە کە ئایدیالی دونیای بۆرژوازییە. بەڵام بەکاربردنی هونەر لەمەش زیاتر

بـــوو. پاشـــايان، بـــۆ گەرەنتيكردنـــی وەفـــاداريی لۆردەكـــان و سـووارچاكەكان، شـتگەلی بەنـرخ و گرنگيـان بەوان دەدا. ئەمجـۆرە هەنگـــاوە لەو ڕووەوە گرنـــگ بـــوو كە دەســـەڵاتی لەنـــاوبردن و هەڵوەشـاندنەوەی هەبـوو ئەويـش لە كۆمەڵگايەكـدا بە لـۆردگەلێكی بچـووک و گەورەوە كە دەيـانتوانيی وەفـاداريی سـوارچاكەكان و لۆردەكانی خوارتر بە پێدانی زەويی لەبەرانبەر خزمەتی سەربازيدا بەدەستبهێنن و لەژێر فەرمانی خۆياندا بن. بۆ نموونە بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستمانن، شكۆمەنديی هونەريی بێچەند و چوونی دەربارى "شـارلمان"، ئيمپراتۆرى فرانكەكـان، لە سـەرەتاكانی سـەدەی نۆيەمـدا، بە ئامـانجی كـاريگەريی دانـان و پيشـاندانی دەسـەڵات و هەيبەت نەخشێنرابوو. ئەو كەسەی ئەم دەربارەی دەبينی نەيدەتوانی ئەزمـــوونێكی هاوشـــێوە بەدەســـتبهێنێت، جـــگە لە ژمـــارەيەكی ئەو ديپلۆمـــات و بازرگانـــانەی دەربـــارگەی بەجۆرێـــک ڕازاوەتـــری ئيمپراتۆری بيزەنتيەيان لەوبەری ئەوروپاوە بينيبوو.

لەگەڵ بەرهەمهێنانی بەرفراوانی هونەر لەلايەن چينە باڵادەستەكانەوە يـان بـۆ ئەوان لە ئەوروپـای فيوداليـدا، جووتيـارانيش هـونەری جەماوەريـان بـۆ بەكارهێنـانی خۆيـان دەخوڵقانـد. هـونەر بەگشـتيی هەمـان ئەو ئامـانجە پراگمـاتيكی و جـادووييەی هەبـوو كە ئـابووريیە سـەرەتاييەكان هەيـانبوو. لەبەر ئەوەی هـونەر، هـونەری جەمـاوەری ستەملێكراو بـوو، بۆيە دەيتـوانی ڕەگەزگەلێكـی نـاڕازيبوون، ئەمەش بەگشـتيی لە فـۆرمی چەمـكە ئايينييەكانـدا، بەرانـبەر بە ئايـديۆلۆژيای

حاکمی ئەو کاتە پیشان بدات. بۆ نموونە، قەشە "جۆن باڵ"، یەکێک لە ڕابەرانی یاخیبوونی جووتیارانی بریتانیا لە ساڵی ١٣٨١، گوتبووی: "کاتێک ئادەم زەوی کێڵابایە و حەوا ڕستن و چنینی بکردایە، ئەی کێ دەمایەوە خانەدان بێت؟".

لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زیادەی ئابووریی تەواو بۆ ئەوە بوونی هەبوو ڕێگا بە ژەنیاران و ئەکتەرانی گەڕۆکی (ناسراو بە "ماسکپۆش"ـەکان) بدات بە نمایشکردنەکانی سەرشەقام بۆ جووتیاران و دانیشتووانی شارۆچکەکان، بژێویی ژیانیان دابین بکەم. خەڵک هێشتا دەستکەوتێکی کەمیان هەبوو کە هێندە بە "ماسکپۆشەکان" بدەن کە بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ لە شار یان دێیەکدا نیشتەجێ ببن. دواجار بارودۆخی ئەوان کەمێک لە دەرۆزەکەران باشتر بوو.

### هونەر لە دونیای بۆرژوازیدا

تەنها لە دونیای بۆرژوازیدا ئەم ئایدیایە بووە بە ڕێسایەک کە ئامانجی سەرەکیی هونەر، خۆدەربڕینی هونەرمەند و سەرگەرمی گشتییە. بناغەی ماددی و ماتریالیی ئەم تێگەیشتە، فرۆشتنی بەرهەمەکان و نمایشیی هونەرمەندان و ژەنیارانە لە بازاڕی ئازاددا کە بووەتە تاکە ڕێگای دابینکردن و بەدەستهێنانی دارایی هونەر. مۆسیقارانی وەک "یۆزێف هایدن" نموونەیەکی دیارن لە ژیانی

سـەردەمی تێـپەڕین لە بەرهەمهێنـانی فیـودالیی هـونەرەوە بـۆ بەرهەمهێنـانی بـۆرژوازیی هـونەر. بەشـی هەرە گەورەی پیشـەی سـەرەتایی یۆزێـف وەک خزمەتکـار لە دەربـاری شـازادەکانی "سترهازی" هەنگاریا تێپەڕی، ئەگەرچی وەک خزمەتکاریی زۆر بەڕێز و پڕ دەرامەت، چونکە ئەو ئاوازدانەر و ڕابەری ژەنیارانی دەرباری ستەرهازی بوو. بەڵام بەشـی پیشـەیی "هایـدن" وەک مۆسـیقارێک تێـپەڕی کە کـاری بۆخـۆی دەکـرد و نمایشـە گشـتییەکانی خـۆی و بەرهەمەکـانی ئاوازدانەرانی دیکەی لە زۆرێـک لە شـارە گرنگەکـانی ئەورووپادا ئەنجام دەدا. هەڵبەتە ئەو وەک بەناوبانگترین مۆسیقاری ڕۆژگـاری خـۆی، لەم بـوارەدا دەرامەتێکـی بەجۆرێـک زیـاتری لە



سـەردەمی خزمەتکـارییەکەی خـۆی بـۆ بنەمـاڵەی سـتەرهازی بەدەسـتهێنا. لەڕاسـتیدا ئەو بـاپیرەی "ئەسـتێرەکانی ڕۆک"ی ئەمڕۆیە.

له کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، ئێمە بۆ یەکەمجار جیابوونەوەی هونەر بۆ "هونەرە جوانەکان" و "کات بەسەربردن" (سەرگەرمی) دەبینین، ئەگەرچی گەلێک لێکچوون لەگەڵ دابەشکاریی هونەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەنێوان "هونەری دەرباری" و "هونەری جەماوەری"دا بوونی هەیە.

لە ئەنجامدا کاتێک باسی "کات بەسەربردن" (سەرگەرمی) دێتە پێشەوە، هونەرمەند بۆ ئەوەی بتوانێت بژێویی خۆی دابین بکات، "خۆدەربڕین" تەسلیمی ڕازیکردنی زەوق و سەلیقەی خەڵک دەکات. لەهەمانکاتدا بە کۆنترۆڵی سەرمایەیەکی گەورە لەسەر زۆرینەی گەورەی ماس میدیاکان کە خەڵک بۆ سەرگەرمی خۆیان وابەستەی ئەو میدیایانەن، ئەوا سەرگەرمی بەگشتیی ڕۆڵێکی کۆنەپارێزی لە فۆرمی سەتحیکردنەوەی نیگای خەڵکدا بۆ جیهان و هاندانیان بۆ "ڕاکردن لە واقیع" وەک بەدیلێک لەبەرانبەر خەباتی چینایەتیدا گێڕاوە.

هونەرە جوانەکان، کە بە "هونەری پەتی"یش ناسراوە، بریتییە لە شێوەکاریی، پەیکەرسازیی و مۆسیقای کلاسیک. ئامانجی هونەرە جوانەکان ئەوەیە هونەرمەند پابەند بکات بە پرەنسیپی "خۆدەربڕین"ـەوە. بەڵام تەنانەت دەبێت بەرپرسترین و پابەندترین هونەرمەندانی بواری هونەرە جوانەکانیش بژین. لە بەشی هەرە سەرەکیی سەردەمی بۆرژوازیدا، هونەرمەندانی هونەرە جوانەکان یان ئەندامانی خۆشگوزەرانی چینی سەرمایەدار بوون یان بۆ دابینکردنی بژێویان موحتاج و وابەستەی پشتیوانیی سەرمایەداران

یـان دەوڵەت بـۆرژوازیی بـوون. کەواتە ئەگەرچـی ئایـدیالی هـونەرە جوانەکان بریتی بوو لە "خۆدەربڕین"ی هونەرمەند، بەڵام لە پراکتیکدا ڕەنگدانەوەی سـەلیقە و بەرژەوەنـدییە ماتریالییەکـانی چینـی بـۆرژوا بوو.

ویـڕای ئەمە دەبێـت جەخـت لەوە بکەیـنەوە نە هـونەرە جوانەکـانی بـۆرژوازیی و نە هـونەری جەمـاوەر بـۆ سـەرگەرمی، هـیچ یەکێکیـان ئـامێرە بانگەشـەکارە یەکگرتـوو و ڕەقەکـانی وەک هـونەری کڵێسـایی سـەدەکانی ناوەڕاست نـین. ویـڕای بـوونی "تـاکگەرایی" لە کۆمەڵگـای بۆرژوازیدا، زۆرێک لە گەورەترین هونەرمەندان، چوونەتە سـەرووی بەرژەوەنــدییەکانی ئاســتی چینــی ســەرمایەدار و بەرهەمگەلێکیــان خوڵقانــدووە کە بەقــوڵی ڕەخــنە لە یاســای جەنگەڵــی بــۆرژوازیی دەگرێت.

## ئاسۆکانی هونەر

ئەمــڕۆ، درزی نێــوان هــونەرە جوانەکــان و هــونەری ســەرگەرمی بەشێوەی دووڕیانێک، زیاتر لەپێشوو لاواز بووە و کەمتر بووەتەوە. لەگەڵ بوونی دەستپێکی قەیرانی ئابوورییدا، کرێکاران زیـاتر و زیـاتر کات و سەرچاوەگەلی پێویست بۆ خوڵقاندنی هونەری خۆیـان پەیدا دەکەن و بەبێ ئەوەی بچنە ژێرباری منەتی میدیا گەورەکانی دونیـای سـەرگەرمی یـان لایەنگرانـی بۆرژوازیی هـونەرە جوانەکـان، دەتـوانن

لایەنگر و گوێگری تەواو بۆخۆیان پەیدا بکەن. بناغەی ماتریالیی ئەم گۆڕانە هونەرییە، وەک هەمیشە، گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بووە. لانیکەم بۆ هەندێک خەڵک، سەعاتی کارکردن کەم بووەتەوە و بەراورد بە سەدەیەک پێشتر پێویست بە کارێکی فیزیکی و جەستەیی کەمتر هەیە، ئەگەرچی ئەم گۆڕانە هێواش و پچڕ پچڕ بووە. ئەک گۆڕانە، زەمەن و وزەی زیاتر بۆ خوڵقاندنی هونەری دەخاتە بەردەستی ئەوان. هەرزانبوونی تەکنەلۆژیا بەمانای ئەوە بووە ئامێرەکانی تۆمارکردنی مۆسیقا و فیلم بەهەمان ئەو کوالیتییەی تا چەند دەیەی پێشوو تەنها لەبەردەستی ئەستێرەکانی ڕۆک و ستۆدیۆکانی فیلمدا بووە، ئەمڕۆ تەنانەت دەچێتە بەردەستی کرێکارانی بەڕادەیەک مامناوەندیش. لەم بەینەدا، ئینتەرنێتیش سەکۆیەکی خێرای بەڕادەیەک خۆڕایی لەئاستی جیهانیدا دەخاتە بەردەستی هونەر.

ئاکامی ئەم ئیمکانە تازەیەی کرێکاران بۆ خۆدەربڕین لەڕێگای هونەرەوە، بەشێوەیەکی پۆتێشنیەڵ و بالقوە شۆڕشگێڕانەیە. دەکرێت بەئاسانی لە بواری مۆسیقادا ئەمە ببینین، واتا ئەو فۆرمەی هونەر کە تا ئێستا بەشێوەیەکی کامڵ سوودی لەم گۆڕانانە وەرگرتووە. دەربڕینی ناڕەزایەتیی و دژایەتیکردنی ئەو جیهانەی تیایدا دەژین، هەم لە تێکستی گۆرانییەکا و هەم لە تۆنی مۆسیقادا بووە بەشتێکی ئاسایی و باو. بە کەمبوونەوە و دابەزینی خەباتی چینایەتیی لە دەیەی ١٩٨٠ بەدواوە و غائیبوونی هێزی کێشکردنی بەرفراوانی

سۆسیالیستیی، ئەم ڕەخنە هونەری و مۆسیقییە، تام و بۆیەکی زۆر ڕەشبینانە و نەرێنیی هەبووە. ڕەونەق و درەوشانەوەی دووبارەی خەباتی چینایەتیی لە ئاستی جیهانیدا کە تیشکەکانی لەگەڵ قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨دا درەوشایەوە، ئەم ئاراستە ڕەشبینییە دەگۆڕێت بۆ هونەرێکی شۆڕشگێڕیی ئاشکراتر لەئاستێکی بەجۆرێک باڵاتری مۆسیقا و هەموو ئەو هونەرانەی کاریگەرن بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠. هونەری شۆڕشگێڕیی، لە هەلومەرجی ماتریالیی و خەباتی چینایەتییەوە دروست دەبێت و لەبەرانبەریشدا هەمان خەباتی چینایەتیی بەهێز دەکات. جارێکی دیکە، بەشێوەیەکی پراکتیکی نیشان دەدرێت کە مۆسیقا ڕۆڵێکی جیانەکراوە و دانەبڕاو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت و تەنها ڕازاندنەوەیەکی جوان نییە.